www.kurdistannet.org
19:27 28-11-2005بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەریایەک لەبەرخودانی بارزانی بەدەمی ئێوە پیس نابی... !!! ئامانج عەبدوڵا سوور

كەسێك نیە بتوانی حاشا لەوەبكات كە بارزانی وبنەماڵەكەی بەدرێژایی مێژوو لەبەرخودان كۆڵیان نەداوە ئنجا لەهەموو دۆخێكدا ناسنامەی قوربانی بوون، من هەمیشە بارزانی لەسەروحزب ودەسەڵاتەوە ئەبینم چونكە ئەوەی چ بەدەماودەم چ بە دێروك لەبارەی شۆرشی ئەیلولمان بیستبێت بەو راستیە ئاشناین كە هەموو رەنگە جیاوازەكان بەهەموو ئینتیمایەكی هزری جیاوازەوە لەژێر چەتری سەركردایەتی بارزانی باوك درێژەیان بەخەبات ئەدا هەر لەئەوپەری چەپەوە تا رەوتی كاژیك كەهەڵگرانی چراوگی بیری مەزنی نەتەوەیی بوون.. بارزانی خاوەنی كلتوری لێبوردەیی بوو لەشۆرش ودانوستان دا پیادەی كرد ئەوە دڵەگەورەكەی بارزانی بوو كە لەساڵانی حەفتاكاندا نەیهێشت لافاوێك لەخوێن بەرپابی... هەرگیز ناڵێم بارەخنە لەدەسەڵات نەگرین بەڵام تكایە سەروەریەكانمان باپێشیل نەكەین وئەودنیایەش بەسەرچوو جەماوەر چەواشە بكری دواتر مێژوو ئەسپێكە و كەس ناتوانی لغاوی بكات!!!

هیند بەهەموو تیرە جیاوازەكانەوە ئامادەنین سوكایەتی بەغاندیو نهەرۆوە بكەن رووسیەكانیش بەلێنین وداغستانیش بەشامیل كەچی كورد هێشتا بەكەناری دەوڵەت شاد نەبووە جاش قەڵەمانێك لەملاو لاوە سوكایەتی بەسیمبوڵی نەتەوەوە ئەكەن لەپێناوی ناودەركردن وشاباشی لایەك دا چڵكاوخۆرانە كەوتونەتە وێزەی مێژوو بەبی ئەوەی لەچاوی ئاینده بترسن كە چەند قێزەون لێیان ئەروانێت، چۆن ناوتان لەریزی جنێو فرۆشان دا زرا ئاواش نەوەی نوی بە دووتف یادتان ئەكاتەوە، سەروەرییەكانی سیمبوڵی نەتەوەیەك بەئێوە ناشارێیتەوە، ئێوە و جاش ئیسلامی بەیەك روانگە و دووچەكی جیاواز خەریكی نوسینەوەی نۆكەر نامەن وەك چۆن ئاغا دۆراوەكەتان نۆكەرنامەكەی درایە بەرلێزمەی تورەیی رقی پیرۆزی جەماوەر، ئێوەش لەزبڵدانی مێژوو دا خۆتان وخامە قورواوییە عێراقچی یەكانتان ئەدۆزنەوە، كونیەیەی زۆرتان لەرۆژنامەی هاوكاری سەردەمی بەعس بڵاووبۆتەوە ئەودەمەی بەشان وباڵی ئاڵا گواویەكەی عێراق دا هەڵتان ناوە ئێستاش لەسایتە ئەلكترۆنیەكان خەریكی درۆ هەڵبەستنن... (كەمالی سەید قادر) كە خەریكە لێمان ئەكەنە لۆرگای شاعیر با ئەوەی ئەمرۆ كردویەتیە هەڵا لەم دۆخە ناسكەدا تۆزێكیش ئامادەبێت دۆسییەیەك لەسەر سەدامی بەندكراو بەچەشنی مەیمونی ناوقەفەس بنوسێت، ئنجا گەر رەخنەگر بگیرایە ئەوە دەبوو یەكەمین كەس نوسەری رەخنەگر (حەمەسعید حەسەن) بگیری نەك پێشوازی بكرێت لەشیراوتۆن ئەوە هێمایە بۆ دڵەگەورەكەی بارزانی ورای دیموكراسی خوازی ئەوان، كەمالی سەید قادر لەسەر جنێو فرشی ودرۆ هەڵبەستن بەند كراوە خۆ زۆر جار تاوانی درۆ لەمرۆڤ كوشتن كەمتر نیە، كەمال ئەوەندەی بەدرۆودەلەسەوە خەریك بوو خەریكی دكتۆراكەی خۆی نەبووە تەنها گلەییم لەپارتی ئەوەیە كەنەدەبوو لەزیندانی بنێن چونكە پێی دەبێتە پاڵەوان لەچاوی كەسانگەلێكی ساویلكەوە، با خۆی وهاورەدیفەكانی هەرخەریكی (..... ) بونایە بەمانگەشەو، چۆن فازل قەرەداخیتان بەبی دەنگی لوت شكێن وەڵام دایەوە هەروەك وەڵامی گێلە پیاوان هەربی دەنگ بوونە.. ئاواش رەفتارتان لەگەڵ كەمالیش بكردایە ئیدی ئەم هەڵایەی ناوی و نەكەمال پاڵەوانە ونەئێوەش خۆراگر ئەوە كامە لەئێوە ئامادەنین بە كەمترین شاباش ئاراستەی بیرونوسینتان نەگۆرن دڵنیام بەری خۆرەتاو بەبێژنگی دراوتان ناگیری، خۆتان هەڵبرن باكونی لوتتان لەپاژنەی پێڵاوی شۆرشگێرێكی بەهەڵوێست گیر بێت!!!تاباڵا بكەن كورتە بنەكانی ناودنیای مەعریفە ودیالۆگ و، ......... وووووو
سلێمانی